زمان و شاعیر.. خەزعەل ئەلماجدی.. و: عەبدولموتەلیب عەبدوللا

شیعرییەت شایتحالی تەواوی سەردەمکان

وزەی زمانی شیعری پەرت نییە، پارەزراوە. بە پێچەوانەی وزەی زمان لە بواركانی دیکەدا کە بەرەو سوودگەرایی و دەستاودەستکردن و تێگەیشتن دەبەتەوە... وزەی شیعری لە چوارچێوەی فۆرمی شیعرییدا پارەزراوە، نە دەگۆڕێ و نە لەکار دەکەوێ. ئایا بەپێی ئەو تێگەیشتنە، دەتوانین شیعر لە رووی زمانەوانییەوە پێناسە بکەین و بڵێین شیعر زمانە، کاتێ وزەی خۆی دەپارەزرێ. لە رووی زمانییەوە پێناسەی پێخشان بکەین و بڵێین پێخشان زمانە، کاتێ پەرت دەبێ، یان وزەکانی بەکار دەهێنین، یان لە پێناو شتێکی دیاریکراو سوودی لێوەردەگرین. لەو دەرئەنجامەشەوە بڵێین زمان لە شیعردا هەرگیز ناگۆڕێ، لە کاتێکدا زمان لە پێخشاندا هەرگیز گۆڕاوە، بە جۆرێکی تر، بە نموونە پێخشانی دڕکی (بابەتخوازی و زانستی) زمان بە کار، هەوال، هاندان، وەسفکردن دەگۆڕێ، پێخشانی فۆرکاری بە زانست و زانیاری دەگۆڕێ. بەڵام هەرگیز زمانی شیعر ناگۆڕێت، بەڵکو لە ناوەوەی خۆیدا بە دڕوشاوەیی دەمێنێتەوە. پێخشان لە مۆژوودا جگیر دەبێت، شیعریش بەردەنگاری مۆژوو دەبێتەوە، چونکە ناگۆڕێت و دوای مۆژوو ناکەوێت، بەڵکو شتێ لە ناوەوەی گوتار و رووداوە قەدەغەکراوەکانی دەوروبەری لە خۆدا هەڵگرتووە. بە نموونە قەسیدەکانی (موتەنەبی) لە بەرانبەر سەدەی چوارەمی کۆچی وەستاون، لە کاتێکدا دەسکەوتەکانی میدیا و هەوال و یاسا و دابونەریتەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی کەوتوونەتە نەو مۆژووەوە. لە سەدەی نۆزدەمی پێ لە رووداو و هەوال، قەسیدەکانی رامبۆ وەستاون، وەك رەناکییەکی دڕوشاوە و تازە، بە هەز و چالاکییەوە لە مرۆڤ دەڕوانن. ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە پەیام ((پەیامی شیعری)) دەبێ بابەتێکی لە خودی خۆیدا بێ (بابەتێکی لەو شتانە وەرنەگرێت، کە دەوری داوە و ئاماژە بە شتەکانی دەوروبەری خۆی نەکات).. ئەوە پەیامێکی شیعرییە، وەك ئەوەی لە دەقی شیعرییدا هەیە؟

هەڵبەتە نا.. چونکە کاتێ باس لە ئەرکەکانی زمان دەکەین و دەبینین یەکێك لە ئەرکەکانی زمان، شیعرییەتە ((لەبەر ئەوەیە کە ناوەڕۆکی پەیامەکەی یان زمانەکەیەتی، نەك ئەوەی ئاماژەی بە

دەکات)) ئەو قسەیە ((واتە پەیامی شیعر)) تەواو لەگەڵ قسەکانمان لە بارەی ((هونەری شیعری)) جیاواز دەکەوێتەوە، چونکە شیعر نواندنەکی هونەرییە، ((بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نواندنی هونەری)) تەنیا ئامانجەکەی نییە. با بە وردی بڵێین ئەو شیعرییەتە وەك ئامانجەك تەنها لە رێگای هونەرەوە دەتوانرێ بە دەست بهێنرێت، بەڵام ((ئەرکی شیعر))یش دەشێ لە مەبەست ((پەیامی شیعری)) یان ئامانجی شیعریدا هەڵگرینەوە، کە رەنگە شیعر تێیدا سەرکەوتوو بێت، یان لە بەدیهێنانیدا سەرکەوتوو نەبێت. ((رووبەرووبونەوەی)) ئەو قسانەش بە گشتی ((خودێتی و زمانەوانی و تەمومژی)) شیعری کەم دەکاتەوە و بە شیاوی چارەی دەکات، چونکە سروشتی ئەو پەیامەی کە چارەی دەکات، ئەوەیە کە خودی زمانی ئاڵۆز چەمکە دەبە بوونەوەرێندرێت، چونکە هەمیشە سەرلەشێواویەکی گەورە لەنێوان ئەرکی شیعری و ئەرکەکانی دیکە (کەمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەیی و سەزداری و سوودگەرایی.. هتد) دروست دەکات، کە دەکەونە چوارچێوەی ئەرکە بابەتییە لەکارکەوتووەکانی زمان. لەڕەدا بە هیچ شێوەیەك مەبەستم داخستنی ئامانجی زمانی شیعری ((پەیامی شیعری)) نییە، کە هەمیشە کراوەیە، بەڵکو دەبە بزانین کە شیعر((هونەری شیعری)) ئەگەر ملکەچی ئەو ئەرکانە بێت، ئەوە ئامانجی خۆی ((وەك شیعر-زمانی شیعری)) لە دەست دەدات و دەبێتە پاشکۆ بە ئەرکی دیکە. لەڕەدا ناتوانین ئەو کارە یەکلا بکەینەوە و بڵێین ئەوەی شیعر دەنووسێ دەبە بەو رەچکەیەدا بڕوات. بەڵکو شاعیر دەبە لە خەیاڵی ((بە شێوەی تایبەتی خۆی)) پارێزگاری لە شکۆی شیعر و رووبەری و وزەی شیعری بکات، شاعیر دەبە هەشیارییەکەی تا ئاوسنوور بێ، کە نەکەوێتە ژێر چەکوشی ئامانجەکانی دیکەی زمان، پاشان شوێنکەوتە و ملکەچیان. شاعیر دەبە بە ئامانجی شیعر هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت، پەیوستی بە هەشیارییەکی گەورەی شیعری یەکگرتووەیە، دەبە لەگەڵ کاتدا هەنگاو بنێ، خۆی لە هەموو ئەو رەگیانە بدزێتەوە، کە بەرەو گەڵانەوە و بەبایەخی و موجامەڵەی دەبەن.

شوشتنەوەی وشەکان

وشە لە شیعری کەندا ناسنامەی دیار نییە، بە ئاراستەی ئەو مانایەدا دەڕوات، کە بە شێوەیەکی هەمەمەکی رەڤە لە رەڤان بەی پێشنیار کراوە، لە پێناوی دروستکراوە.. بەیە وشە تەنها وەك ئامرازێ بە بەکارهێنان و گەیاندن دەمێنێتەوە، نە زەر نە کەم.. وشە لە شیعری کەندا هیچ کەسایەتییەکی نییە.. چونکە لە شیعری کەندا ((مانا)) دەخەکە بەڕەوە دەبات. بەڵام ئەگەر وای دابنێین کە زمان لە پێکهاتن و هەمەمەکییەت و یاسا ناوکییەکانیدا هاوتای

ژیان بت، لەبەر ئەوەی زمان لە خودی ژیان و پێشکەوتنکانی ژیانەوە گۆشەی کردووە، کەواتە ئەی بۆچی دەستواژکان (وشکان) بە بوونەوەری زیندووی ئەو ژیانە نازانین، کە کۆسایەتی و سەربەخۆیی خۆیان هەیە، وەکو رووەکەکان و ئاژەڵەکان و زیندەوەرە وردەکان، کە ژیانی شاراوە و تایبەتی خۆیان هەیە، زۆربەی جاران هەر نایانبینین، تەنها ئەوانە نەبێ کە دیارن و پێیوەندییان بەیەکتریيەوە پێیوەندی مانەوە و ململانێ و ئەزموون و هاوژیانییە. دەشێ لە ژیانی رۆژانەدا زمان ئامرازی گۆیاندن و تێگەیشتن بێ، وشکان ((بوونەوەرە زیندووەکان)) قوربانی بێ کۆسایەتی و ژیانی خۆیان بدەن، بە ئەوەی مرۆڤ لە مردن بگات، بە ئەوەی ئەو لەیەکگەیشتنە بردەوام بێ. بەڵام ئایا هیچ دەستواژێك بەو قوربانیدانە خەباخشانییە رازییە؟ نەخێر، بەڵکو ئەوە بەکاربردنە رازییان دەکات. بەڵام ئەدەب ئەو بەکاربردنە رەتدەکاتەوە و دادپەروەری لەگەڵ ئەو بوونەوەرانە و پێیوەندییەکانیان دادەمەزرێنێ و شکێیان بە دگەنتەوە، لەو رووەوە شیعر ژانرێکە زیاد لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب پارێزگاری لە پەرتبوونی وشکان (دەستواژکان) و پێیوەندییەکانیان دەکات، لە هەموو ئەو بەکارهێنانانە رۆژانەییە، یان رەتینییەی کە کۆسایەتی وشکانیان پیس کردووە و تێکشکاندووە، پاکیان دەکاتەوە و شکۆ و هێزییان بە دگەنتەوە.. دەیانخاتە نەو بەکارهێنانی نوێ و ژیانی ((ژیانی زمانەوانی نوێ)) یان بە دەخسێنێ و دەیانخاتە نەو پێیوەندییەکی نائاسایی و چاوەڕوانەکراوەوە.. جگایان بە دەدەزێتەوە و وایان لەدەکات تێیدا نیشتەجێ بن، بەمجۆرە دەقی شیعری سەرسامی دروست دەکات، چونکە: واتای نوێ ((ژیانی نوێ)) بە وشە دەبەخشێت. وشە دەخاتە پێیوەندی نوێوە. بەمجۆرە زمان نوێ دەبێتەوە و ئەو نوێبوونەوەیش دەبێتە نوێبوونەوەی ژیانی مرۆڤ و بوژانەوە و گرژی و نەشونماکردنی مرۆڤ.

پێیوەندییە زمانەوانییە کەنەکان لە شیعر و پەخشاندا پێیوەندی دیاریکراون یان وەك رەوانبێژی پەلینکراون، ناشێ لێیان دەرچین و نکۆڵی لە رەوانبێژییان بکەین، بەڵکو دەبێ چوارچێوەیەکیان بە بەدزینەوە و لە شەوازەکی چەقبەستوودا دایانبنێین، بەوەش دەستواژکان و پێیوەندییەکانیان لە شیعری کەندا بە هەی تووندی سیستمی زمانەوانی و عەقڵی و کۆتوبەندکردنیان لە چواچێوەی رەحی مرۆیدا تووشی پووکانەوە دەبن، بەمجۆرە رزگارکردنی شیعر و عەقڵ لەو هەزە نەرێیە پێویستی بە دیدگایەکی ریشەیی هەیە! ئەو دیدگایەش دەبێ شتە لەخۆ بگرێ کە ژیانی ئاسایی و لەکارکەوتوو نەتوانێ بیبەێت، شتەکی سەرووی سروشتی، شتەکی ناوازە و لەپێ کە بشێ وەك

پەیوەست دەستەواژە و پەیوەندییەکانیان لە داشتنەوەی نوێدا بنوینە. ڕەبازی بونیادگەری لەکۆینەوە لە بارەی پەیوەندی نێوان دەستەواژەکان وەک حەقیقەتی زمانەوانی و جۆرەکانی زمان (فەنەلەژی، مەرفەلەژی، شێوازگەریی) بە کاری لەپێشینەی خۆی دادەنێ و لەوێشدا گەیشتە دەرئەنجامی زەر گرینگ، بەڵام لەبەرانبەر ئەوێشدا بوونی (وشە) و دەستەواژەکانی پشتگوێ خستووە و تەنها وەک پارچەکانی شتەرەنجی داناون، کە دەشێ داربن یان ئاسن یان قوڕ و هەویر، کە هیچ جیاوازییەکی گرنگیان لە وازیکردنی شتەرەنجدا نییە و دواتریش هەر بەو پێودانگە گەمەی زمانەوانی ملکەچی سیستمی ناوەوەی زمان دەکات. ئەگەرچی بونیادگەری لە هەندێ لە تیۆرە جۆراوجۆرەکانیدا گرنگترینیان تیۆری زایندەیی ((تەولیدی)) ((چۆمسکی)) کە بە ڕاستی لە ڕووی یاساکانی زمانی زایندەیی و گەشانکاری ((تەولیدی و تەحویلی))دا، وێنایەکی ڕازیکەر بە دەستەوە دەدات. دوور لەو لەکۆینەوە زمانەوانییە گشتیانە، ئیتر دەستەواژەکان هەروا مانەوە، تا لقێکی تایبەت بە ناوی زانستی ئاماژە (علم الدلالە) هاتە ناوەوە، بەڵام ((ئەو لقە)) لەگەڵ زانستی زمان تێکەڵ نەبوو، تاکو بەیەکەوە وێناکردنەکی ڕازیکەر لەبارەی زمان بگشتی و شیعرییەت بە تایبەتی بخاتە ڕوو. شاعیر بەخۆی دەبە لە هەموو ئەو زانستانە قووبەتەوە، نابە هەر تەنها پەیانەوە پابەندبە، بەڵکو لەسەری پەویستە تێیانبگات و هەرسییان بکات، پاشان لە یاسا سەختەکان بگوزەرێ. ((وەک کەتوبەندی نووسین تەماشایان نەکات)) بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە بەدوایاندا نەچێ و لێیان تێنەگات، بەڵکو بە پێچەوانەوەوە شاعیر دەبە ئاگای لە زانستەکانی زمان بێ و بەدوای لەکۆینەوەی زمان و تێگەیشتنی زمانەوە بێ و هەشیاری لێیانەوە بێ دەستبەنێ.. زۆرێك لە شاعیران حەز لە بوارەی زمان ناکەن، بەڵام بنەمای نووسینی شیعر پەیوەندی بە تێگەیشتنی تایبەتی زمانەوە هەیە، شاعیر دەبە پارێزگاری لە زمان بکات و بچێتە نێو تایبەتمەندییەکانی زمانەوە، بە تایبەتی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی پەیوەندی بە شیعرەوە هەیە، بەو مانایەش ((لەخۆیی)) و دەرچوون لە ڕێچکەی ((ناوکەیی)) باو، ئەو کاتە بە جوانی دەردەکەوێت، کە شاعیر لە قەناغی نەخوێندەواریەوە بەرەو قەناعی مەعریفە هەنگاو دەنێت.. چونکە هەشیاری دەرگای فرەوانی گفتوگۆ دەکاتەوە. ئەگەرچی شاعیری خاوەن بەهرەی گەورە و کەم ڕەشنبیر، پەویستی بە بەڵکی زەر لە ((خەبەخەیی)) و ((هەڵەمەکییەت)) هەیە.. بەڵام شاعیری پە بەهرە و پە لە ڕەشنبیری پەویستی بە دوو ئەوەندە توانای ((خەبەخەی)) و (هەڵەمەکییەت) هەیە، چونکە ((نووسین)) هەمیشە ناچاری دەکات، کە ئەو ڕەشنبیرییە

گۆرەیی خەی بە شێوەی ((خەبەخەی)) بیخاتە روو. لەرەو دەشێ گرفتکانی پەشوو شیبکەینەوە و بڵێین: شاعیری باش و خوێندەوار، زۆر لە شاعیرێکی نەخوێندەوار، پەویستی بە ((خەبەخەیی)) و ((هەڵەمەکیەت))ە، بە ئەوەی بە باشی پارێزگاری لە تازەبوونەوەی بەهرەکەی خەی بکات. ئەوەش ئەوەمان بە دەردەخات، کە بۆچی شاعیرە نەخوێندەوارە باشکان، لە فرە ڕەشنبیری دەترسن؟! چونکە دەزانن هەتا ڕەشنبیریت زۆرتر بێت، پەویستیت بە ((خەبەخەی)) قووڵتر و بە پیتتر دەبێت. خودی ئەو شیکردنەوەیە ڕەناکی دەخاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئەو شاعیرە باشانەی دوای ڕەشنبیرییەکی زۆر بەهرەی شیعرییان کز دەبێ، لەو شاعیرانەن کە هەر لە بنەماوە ((خەبەخەبوون)) و ((هەڵەمەکی)) بوونیان دیاریکراو بووە، بۆیە توانای ئەو ڕەشنبیرییە و مەعریفە زۆرییان نەگرتووە و بەهرەکیان تێکشکاوە. ئەوان قەوارەی بەهرەی خۆیان نەدەزانی، بۆیە تێکشکان، بەڵام نەک لەبەرئەوەی مەعریفە و ڕەشنبیرییان بە دەستهێنا، چونکە هەرگیز مەعریفە و ڕەشنبیری جێی بەهرەی شیعری ناگرێتەوە! بەهرەی شیعری گەورەترین گەنجینەیە، کە مرۆڤ لە ژیاندا دەیدەزێتەوە، بە ڕاستی بە داخەوە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە دەستی دەدات. با بە ڕوونی نووسینەکە بگەینەوە و ببینین کە شاعیری حەقیقی ئەو کەسەیە، کە بە شێوەیەکی دیکە لە زمان ((وشە و پەیوەندییەکانی)) ڕادەمێنێ و سازشیان لەسەر ناکات، هەمیشە وشەی سەرسوهێنەر، نامۆ دەڵێ کە پێشتر گومان لێنەبووە.

شیعر و قسەکردن

ئەگەر لە بارەی زمان وەک سیستمێکی کۆمەڵایەتی و قسەکردن بە مانایەکی کارێکی تاکە کەسییە (فردییە) لەگەڵ سیستمی کۆمەڵایەتیدا، بە لێکجیاکردنەوە بە ناوبانگەکەی (دی سوسێر) بگەینەوە، ئەوە بەمان دەردەکەوێت، کە زمان لە کتێب و فەرهەنگ و گرامەری زمانەوانی نیشتجێیە، بەڵام قسەکردن لە شەقام و کارگە و نەو ماڵاندا بە وزە و چالاکییەوە دەجوڵێتەوە. شیعر کارێکی تایبەتی و تاکە کەسییە بۆیە دەکەوێتە نەو قسەکردنەوە ((لەبەردا قسەکردن بە مانای زاراوەکان نایەت))، کەچی گیروگرفتکانی شیعر ئەوەیە، کە لەنەو قسەکرندا بەشکی تایبەت و خودییە. شیعری کۆن ((لە ڕەگای بیستنەوە)) بوو. بەڵام شیعری نوێ، پاش ئەوەی چاپکردن دەرکەوت، کە کتێب و نووسین لەنەو خەڵک باوبوو، ئیتر خوێندنەوەی شیعر، جێگای بیستنی شیعری گرتەوە، واتە کە نووسین دەرکەوت، شیعری نوێ سەری هەڵدا و جیاکردنەوەی ئەرکی بیستنی شیعری لێکەوتەوە، ((واتە شیعر لە سیستمی بیستنەوە بە سیستمێکی خوێندنەوە هەنگاوی نا)). لەرەو

ئیتر کەوتینە پارادۆکسێکی نوێوە. شیعری کۆن بە قسەکردنی زارەکییەوە بەندە، یان دەبیستراوە و لەگەڵ تامی قسەکردنی زارەکی سەردەمەکەی بەئاودەبوو، ئەو تامەش نامینە کاتێ ئەو شێوە قسەکردنە بەسەر دەچێت. بەڵام شیعری نوێ بە قسەکردنی نووسراوەوە بەندە، بایەخەکەی ئەو کاتە کەم دەبوو، کە سەلیقەی باوی سەردەمەکەی بەسەر چۆڕکەیدا زاڵ بوو. بەمجۆرە زمان ((زمانی قسەکردن)) لە بوتە نووسینی شیعری نوێدا دەوەژێ ((زمان دەنووسراوە)) و شیعر پشت بە گەڵانکارییەکانی نووسین دەبەستێ، گرنگترین گەڵانکارییەکانیش کە پێی هەڵدەستێ سڕاوەڵەژکردنی ئەرکی تەواوی شیعر و گەڵینی ستراتیژییەتی ئامانجی شیعرییە، بە جۆرێك کە شیعری (شەعبی) ئەوەی کە بە دەستاودەستکردن پێوەندی خەڵکی بە قسەکردنی ((خەڵك))ەوە راگرتبوو، (لە جەوهەردا) هەندێ بە نووسینەوە پێویست نەبوو، شیعری شەعبی بە ئەوەی نیازێکی هەبە دوو جۆر بوو: یەکەکیان خەی دادەهێنا و خەی لە ڕەگای نووسینەوە ((نووسینی بیستنەوە)) دەبینییەوە و لە ڕەگای نووسینەوە کاریگەری دروست دەکرد. ئەویدیکە دەکەوتە سەر ڕووکاری زمان یان ((بیستنی بیستنەوە)) قسەکردنەوە، وەك ئەوەی شەوێك بە لە شەوکانی پێوەندیکردن بە کەمەگاوە. ئەرکی (بیستن) لە شیعری کۆن، یان شیعری شەعبی ((زمان دەبیستراوە)) لەلایەن کەمەڵ (وەوژان)ی دەنایەوە و جیاواز لە ئەرکی (بینین)ی تاکە کەسی ((زمان دەنووسراوە)) لە شیعری نوێدا! بەمجۆرە بەرانبەر ڕەگەزێکی نوێ دەبینەوە، کە پێویستی بەیەکەك لەو دوو شێوازە هەیە: یەکەکیان شیعرێ و ئەویدیکە شیعر نییە! لەڕەوە مەترسییەکی نوێ دەست بەسەر شەوکانی چۆڕ و گەڵانکارییەکاندا دەگرێت، کە ڕەنگە بکەوێتە دەڕەوی تەگەیشتنی ئەدەبی و بە تەواوی سەیرورەی مرۆڤایەتییەوە بلکێ.. واتە لە ئەدەبەوە تا بە بوونی خودی مرۆیی دەگات. ئەدەبی کۆن هیچ شێوازێکی ڕادیکاڵ و پەجەشی ئەدەبی بەدەست نەهێناوە، بەڵکو هەمیشە بە پەڵە شێوازەکانی خەی گەیووە، ئەوەش ئەگەرچی لە ڕاستیدا لە ئەنجامی هەشیارییەوە بوو، بەڵام بەدبەختی ئاگایی نووسەرانی لەوەدابوو، کە نەیاندەتوانی لە بەرانبەر ئەو سەردەمانە بە شێوەیەکی قووڵی نیگەرانئامێز بوستنەوە.. جگە لەوە کارەکانیان بەرهەمی ئەو گەڵانکارییە فیکرییەکانی نەبوو، کە خودی خەیان پێیهەڵدەستان، تا بتوانن ئەدەبێکی (خودی) نوێ بونیاد بنێن، بەڵکو زمانێکی ئاسایی هاوبەشیان هەبوو، کە دەکەوتە نێوان خەڵك و شێوازی نووسینی ستوونی نوێنەرایەتی دەکرد، چ لە ناوەوەی نووسەر، ناخی نووسەر -چ وەك هاوبەشیکردنی خەڵك- لەڕە ((لە نووسینی شیعری شەعبی)) زمان وەك مەژووی مەعریفە، ئاوارەی ڕابردوو بوو، بەڵام

شەوازی نووسینی شیعری نوێ لەنێو مەژووی گشتیدا، بازدانێکی تاکە کەسی داهێنان و خەلقکردن بوو، هەوڵێك بوو یان کەمێك هاوێیکی تاکخوازانە بوو بۆ بوژانەوە و گۆڕینی بونیادی زمانی باو. لەسەر ئەو بنەمایە مەژووی ئەدەبی کۆن، مەژوویەکی خاو و بەزارکەر بوو، کە تێیدا گۆڕانکاریەکان هێواش و دابەزییان بوو، لە شێوە و ناوەرۆکی ژانرە ئەدەبییەکاندا ناڕێك دەردەکەوتن، بەڵام مەژووی ئەدەبی نوێ، خێراتر دەبەست، نەك هەر وەك مەژووی نەشونماکردن، بەڵکو وەك مەژووی داهێنان و خەلقکردن، بەپێی زاوزێکردنی پشتاوپشتگیری بەیەوناچێ، بەیە داهێنان لە ئەدەبی نوێ تاکخوازانەیە، باوك و کوڕ ناناسێ.. تاك درووستکارەکە، بەڵام لەژیکی پشتاوپشتگارێتی کە ئەدەبی کۆن بانگەشەی بە دەکات، تێگارێیەکە لە تێگارەکانی بەردەم وزە و هێسانەوە و جوانی ئەدەبی نوێ.

چالاکردنی زمان لە ڕێگای شیعرەوە

دوای ماندووبوونەکی زۆری ڕێخنەگری فەرەنسی (پێریس) بە دەزینەوەی پێناسەکردتەکی وردی شیعر لەژێر ڕەناکی بەردەوامی دەرچوون لە ناوکییەکان، دوای دروستبوونی ململانێیەکی تووندی نێوان شیعر وەك مەترسییەکی بەردەوام و پێخشان وەك مەترسییەك بە دژی شیعر، دوای هەموو ئەوانە (پێریس) گەیشتە ئەوەی بڵێ ((زمان ناتوانێ گوزارشت لە شیعر بکات، بەڵکو شیعر فێڵ –لە زمان دەکا- یاخیبوونێ، خەباتێ بە دژی زمان) کەواتە چۆن ئەو دوو ڕستەی خوارەوە بەیەکەوە دەگونجێنین (شیعر گوزارشت لە زمان دەکات) (شیعر لە زمان یاخی دەبێت))؟. ڕەنگە چەمکی (لادانی زمانی) ئەوەی (کەهین) پێشنیاری کردووە، جارە چارەیەك بێ، بەڵام ئەو چارەکردنە زمانەکی پەوانەیی (کە بەوونی نییە) دەسەپێنێ، ((زمانەکی پەوانەیی دیار)) کە بە ئەوەی شیعر بونیاد بنێین، بتوانین لەی دەرچیین ((لەی لادەین))، بەڵام لەبەر ئەوەی قسەکردنی ڕۆژانە لادانی زمانی لەدەکەوێتەوە و دەرچوونە لە زمانی پەوانەیی، بەیە دێشە بڵێین لادانی زمانی دەکەوێتە نێو لادانی ڕۆژانەی بکارهێنانی قسەکردنەوە، بەمجارەش وێنەکە تا ئەندازەیەك دێشەوە، یان بەیەکگەیشنەکی بە پیت دەخاتە نێوان شیعر وەك (یاریکردنەکی بەرزی زمانەوانی) و قسەکردنی ڕۆژانەوە.. چارەکردنی (کەهین) وەك پشتبەستنەکی ڕەها (لە پەوانە و لادان) بە ناوکییە ڕەوانبێژەکان دەگەێتەوە، جا بە ئەوەی بگەینە پێناسەکردنی شیعر، وەك پێشنیارەکی نوێ خەی دەنوێنێ. چونکە ئەو کێشە کۆن و نائومێدکەرانەی کە لە دەوری پەیوەندی فەرم و ناوەرۆکدا دەسوێنەوە، تەنیا وەستگەیەکی بچووك پێکدەهێنن، کە

دشۆ بۆ ئاوەی لێی دوور بکەوینەوە، لێی بوەستین، واتە لێکۆڵینەوە تەقلیدییەکانی شیعر (سەرەتای هاوڕێکانیان) هەر لێنەوان (هەژاری و کەمخوێنی) دێن و دەڕۆن، دەڕۆن فۆرم لە ناوەڕۆك جیا نابێتەوە، پاشان دەڕۆن شیعر ئاوەیە کە فۆرم و ناوەڕۆك لێگۆ یەکتر هاوسەنگ بێت ((هاوڕێك بەیەکەوە هەبکەن)) ئاوەش چارەیەکی ئاسان و سازشکارانەیە، پاویستی بە هاوە و ماندووبوون و راستی نییە. چونکە ڕەگەزەکانی فۆرم ناسراون و دەتوانین دەستنیشانیان بکەین و ئەرکەکانیان بژمێرین و دیاریان بکەین، وەك چۆن دەتوانین ڕەگەزەکانی ناوەڕۆك دیاری بکەین و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکەین. کەچی لە پەخشان و بە دیاریکراوی پەخشانی ئەدەبی، هاوسەنگییەك لەنێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا هەیە. بەڵام بەنسبەت پەخشانی زانستی ناوەڕۆك بەسەر فۆرمدا زاڵە، چونکە فۆرم لە پەخشانی زانستییدا ئامرازێکە بۆ وردی ئەرکی گەیاندنی ناوەڕۆکە. کەواتە تەنها شیعر لە بایەخی فۆرم بەسەر ناوەڕۆکدا ناوازێیە، واتە لە بایەخی فۆرمەوە دەتوانین ئاستی پێشکەوتنی شیعرەکە و دابەزینی هونەری دیاری بکەین. فۆرم ئاراستەکانی ناوەڕۆکی قەسیدە دیاری دەکات، ئاراستەکانیش فەزای قەسیدەکە دەجولێنن و ئەو ئامانجانە دیاری دەکەن، کە قەسیدەکە هەوڵی بە دەدات، هەمووشیان تێگەڕەن و جوولەی فۆرم بە خێیان کێش دەکەن. فۆرم ڕووتکردنەوەی فۆرم دیاری دەکات، فۆرم بەندە بە بەشتکردنی ناوەڕۆکی دیاریکراوی فۆرمەوە، حەقیقەتی ئەو شتەش ئەوەیە، کە فۆرم نوێنەرایەتی ڕەوتێك دەکات، کە لە میانیدا دەتوانین ناوەڕۆکی (هەرچی بێت) بە کردە نوێنەرایەتی بکەین. زمان لە کەرەستە ڕەگەز پێکهاتووە بە ناوکییەکی دیاریکراوەوە بەندە، کە زمان دەکاتە فۆرم، نەك جەوهەر، بۆیە شیعر بەرهەمە، یان بەرهەمێکی ئەو ناکییەیە، واتە بەرهەمێکە لە (فۆرم)دا نەك لە جەوهەر، بۆیە شیعر فۆرمە لە فۆرمدا، یان میتافۆرم. بەڵام شیعر فۆرمی زمانەوانی نییە، بۆیە مافی ئەوەمان هەیە بپرسین جەوهەری شیعر بە کوێ چووە، جەوهەری شیعر کامەیە و چۆن بەدەست دێت؟ جەوهەر لە ڕەگەزەکانی زماندا بوونی هەیە، نەك لە دەرەوەی زمان، نەك لە کەرەستە شتەکی دەرەوەی زمان ((کەرەستە شتەك کە دەرك دەکرێن.. هتد)) ئەو شتانەی کە دەرك دەکرێن لێگۆ جەوهەری ناسراوی فیزیادا یەکدەگرێتەوە، کەواتە جەوهەری شیعری، نەك جەوهەری فیزیایی لە کوێدایە؟ من پێموایە (جەوهەری شیعری) بە شێوەی فۆرم لە وەدیهێنانی هەبووکاندایە، لەبەرئەوەی (وەدیهێنانی هەبووکان) ئەگەرەکی لاوازە و بە گشتی دەکەوێتە نێو مەحاڵکانەوە، بۆیە جەوهەری شیعری لە ناوەوەماندا وەك وەهمێکی جوان، نامۆ، سەرسوهێنەر خەی دەشارێتەوە. بەمجۆرە دەتوانین دوای ئەو

بەدواداچوونێ بۆ جۆرەکانی شیعری نێ لێ واقیعدایە، نێ لێ قسیدەدا، بەڵکو لێ ناخی شاعیرەکەیەتی، جۆرەکانی شیعری پەندەکی ((چامە- لێ هاتووچۆکردنی پەندەکی سەعاتێ هاتوو)) لێنوان شاعیر و ئاوەکی دینووسێ هاتوچۆ دەکات، بەڵام کەی ئارام دەبێتەوە، ئاوێ تەنها مردن دەزانێ، مەبەستم مردنی شاعیرە. نووسین بە کورتکردنەوەی زمان هەندەسێت، بە داپاچینی زیادە و درێژدایین ئاماژەکانی، پاشان ئادەب ((لێ نووسیندا)) خەرا بە کەمکردنەوەی ئاماژەی خانەکانی نووسین هەندەستێ، بە ئاوەش شیعر بە تایبەتی دوایین رێ دەگەڵ، بەمجۆرە بابەتەکێ وەك هەڵمەکی بنکێ فرەوان بە ئاراستەیەکی ورد و ناسك بەرەو لوتکێ دەبێتەوە، بەگومان بنکێ فرەوانەکەی ئاو هەڵمەش زمانە. بەڵام لوتکەکەی شیعرە. لاوەدا فۆرمی شیعری وەك بارستەیەك لێ رەمز و ئاماژە، رەناکی دەبەخشێت و هاوەدەدات دووبارە بێتەوە و بێتە (میتافۆرمکی باڵا)ی زمان، بەو رەگایەش زمان پاکبکاتەوە، لاوشاوە وەك ئاماژەکاریی مەزیکا بیچنێ، ئاوەش دووبارە هاوەکێ بە پاککردنەوەی عەقڵی مرۆیی و هاوەشانەوەی بەردەوامی بنبەستووکانی رەوانبێژی و ناڕوانبێژی، کە زمان پشتی پێدەبەستێت. هەموو هاوە دووبارەکانی شاعیرە گۆرکان بە گەیشتن بە ئاستە باشکانی نووسین بە دنیاییەوە هاوەی تاکەکەسین، کە کاتە شیعر دووچاری چەقبەستن دە، یان لە ئاستەکدا قەتیس دەبێت، ئاوە لە ئەگەری کاوتن ((رووخان))ی شیاو رزگاری دەکەن. بەیە بازدان لە نووسیندا لە ئاستەکاوە بە ئاستەکی دیکەی بەرزتر، هەر تەنها بە واتای باڵایی عەقڵ و رۆح نایێت، بەڵکو چاککردن و کورتکردنەوەی زمانە. بەمجۆرە شیعر زمان دەکاتە دەقکی کراوە، میکانیزمە شیعرییەکانی دەگەڵ تا کونیلەکانی زمان بکاتەوە، بە ئاوەی زمان بە جوانی هەناسە بدات و درێژە بە ژیان بدات. داتاشینی زمان (لە رەگای شیعرەوە) واتای کەمکردنەوەی دەستواژە بەکارهێنراوەکانی شیعر نییە، بەڵکو بە واتای شاردنی بەردەوامی دەستواژە جێگیر و بەکاربردووە ماندووکان دێت، یان بە مانای گواستنەوەی دەستواژە دووبارەبووکانە بە کەمڵ شەوازی نوێی بەکارهێنان، واتە وەوژانی دەستواژە نوێکان، بە ئاوەی دەستواژە نوێکانیش ئاوێتەی زمانی باو بن و زمان بکەنەوە، ئاگەڕ زمانیش بکرێتەوە ئاوە عەقڵیش دەکرێتەوە و تەواوی ژیانیش دەکرێتەوە، بەمجۆرە شیعر بواری ژیانی بەرفراوان دەکات، وەك چۆن بواری عەقڵ و زمانی بەرفراوان دەکات، ئاوەش وەك ئارکی یەکەم و نایابی شیعر تەماشا دەکرێ. کەواتە ئاگەڕ ئەمە وەك رێخنەگر، واقیع یان خودی شاعیر وەك شوێنی بەدیهێنانی جۆرەکانی شیعری بە دوور بگرین، ئاوە بەو مانایە، کە بەڵێن شیعر فۆرمی بەدیهێنان و

دەرکەوتنی ئەو جۆرەیە. بەو شێوەیە زمان هەر قسەکردن نییە، لە بواری واقیعی و دەروونی، یان سەزداری ناوەوە و دەرەوەی شاعیر، بەڵکو رەگەکی نائاسایی لە شیعردا دەنوێنێ. زمان لە شیعردا هەر تەنها دالی مەدلولەکان نییە، کە لەنێو فەرهەنگاندا دەیدەزێنەوە، یان لە سەز و هەستی شاعیردا دەیدەزێنەوە.. بەڵکو ((زمان لە شیعردا)) بە تەواوی بوونەکی سەربەخۆی دیکەیە. (یاکەبسن) دەڵێت: (بەڵام شاعیریەت چۆن دەردەکەوێت؟ لەوەدا دەردەکەوێت، کە وشە وەك وشە هەستی پێبکرێت، نەك وەك جگەرەوێەك بە ئەو شتەی کە بەناوی کراوەتەوە، یان وەك دەرکەوتنی هەست و سەزی وشەکان و پێکهاتە و دەلالەت و شێوەی ناوەوە و دەرەویان، شاعیریەت تەنها شانشنەکی جیا لە واقیع نییە، ئەگەرچی کەشی تایبەتی خۆی و بەهای تایبەتی خۆی هەیە). زمان لە بنەمادا دنیایەکی سەربەخۆیە لە واقیع، بەڵام زمان پەیوەندیە سوودگەرا مەزنەکەی خۆی لەگەڵ واقیع دەپارێزێ. کەچی شیعر زمانەکی سەربەخۆیە لەنێو زماندا و بەیەك هەنگاو لە زمان دوور دەکەوێتەوە و بە دوو هەنگاو لە واقیع، بەیە شیعر پەیوەندی لەگەڵ زمان و واقیع پەیوەندیەکی دژئامێز و جوانێ و لەسەر ملکەچنەبوون وەستاوە. شیعر بریتیە لە زیادەیی زمان و واقیع لە بەریەککەوتنی نوێی تەقەڵکانی چنین و پێشنیارکردنی سیستمەکی دیکە بە زمان و واقیع.. ((شیعر بە ئاسایی خرایە نێو چواچێوەی پەدراوەکانی زمان، چونکە هیچ مەودایەکی لەنێوان (واقیع و زماندا) دانەناوە. شیعر خرایە نێو پەدراوەکانی زمان، چونکە دەیەوێ واقیع کەپی بکاتەوە، کاتێ واقیع کەپی دەکاتەوە، شیعر دەبێتە بەشەکی مردووی واقیع.)) کەواتە هەمیشە شیعر وەك شوێنی مەترسیداری ئاگایی و بەسە، لە زمان و واقیعدا و بە شێوەیەکی نوێ وزەی خۆی لە تەگەیشتن بەدەست دەهێنێتەوە، دوور لەو ناونانەی کە ئەمە لە رابردوو وەك شیعرپەماندابوو، بەڵام ئەمڕۆ کات رێگا نادات هەمان ئەرك بە شیعر ببەخشین. لەڕدا ئەوەی پێشنیارمان کردووە ئەوەیە، کە شیعر لەو هەوڵانە دانابڕێ کە نوێنەرایەتی واقیعی جواناسی یان زمانی دەکات، بەڵکو شیعر لەلایەك جێخت لە سەربەخۆیی خۆی و ئەرکی شیعری دەکاتەوە و لەلایەکی دیکە هەوڵدەدات خزمەتکی گەورە بە زمان و واقیع بگەیەنێت، پیسبوونی زمان و واقیع بە شیعر، ئەگەرەکی نایابی شیعرێ، تاکو چالاکی نوێ بە بزاڤکی جیاواز.. بە هەژاندنی خانەکانی خۆی بخاتەوە و هیچ سەرهەڵدانکی نوی بە ئەوان نەهێڵێتەوە، ئەگەرچی شیعر لە ئێنجامدا هەوڵ بە زیندووکردنەوەی زمان و واقیع دەدات، بەڵام بەردەوام خۆی لەیان دابڕێت.

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی (زەمان)
ژمارە 1933 ڕێکەوتی 5/10/2004
تێبینی: ((جووت کەوانکان)) بە ڕوونکردنەوەی زێتر، وەرگێڕ داینناون.

ئایندەی خێکی سوریا و ڕۆژئاڤا بەرەوکوێ دەچێ؟.. ئاسۆ کمال

پرسیاری ئێستای میدیای ناوچەکە و جیهان ئەوەیە کە چ دەسکەوات شۆنی دیکتاتۆریەتی ئەسەد دەگرێتەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایندەی خێکی سوریا و ڕۆژئاڤا چی بەسەر دێ؟
هاتنە سەرکاری دەسکەوتی ئیسلامیە سونیە توندڕەوەکان لە سوریا و ئەفغانستان و بەدەنگی دەوڵەتانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەرامبەریان نیشانەی گۆڕانکاریەکە لە دۆخی سیاسی و بەرە دژ بەیەکەکانی خەرەکاتی ناوچەاست.
دەسکەوتی کەنە داعشیانەی "هیئة تحریر الشام" پێویستی بە پێشبینیکردن نیە، چونکە لە "ئەدلیب"ی ژێر دەستیاندا هەمان یاساکانی تاڵیبانیان سەپاندوە. پرسیار لەسەر ئەوەیە کە ئایا ئەم هێزە ئیسلامیانە چۆن دەتوانن خزمەت بە جێبەجێکردنی نەخشەی مسۆگەرکردنی بازاڕ و پڕۆژە ستراتیژیە ئابوری و سیاسیەکانی ئەو دەوڵەتە بورژوازیانە بکەن، کە ئێستا لە سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەاستدا لە ڕێگەی شەڕی سیاسی و سەربازی نوانیانەوە ئەم نەخشانە دەبەنە پێشەوە؟
هەمیشە پێوەندی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامیەکاندا بەپێی بەرژەوەندی و ستراتیژیەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە. لەسەرەتادا ئەمریکا و ڕۆژئاوا ئەم هێزانەیان لە جەنگی ساردا دروستکرد و دواتر لە ئەفغانستان و عێراق و سوریا بونە دوو بەرەی دژ بەیەک. لە لایەن ئێرانەیشەوە، لە عێراق و سوریا بەکارهێنران بە لەدان لە ئەمریکا. ئێستا لە شکستی ئێران لەسوریادا، تورکیا جێگای ئێرانی گرتۆتەوە و هێزە ئیسلامیەکان لەلایەن تورکیاشەوە بە جێگیرکردنی باڵادەستی خۆی لە دۆخی سوریادا بەکارهێنت. تورکیا دەیەوێ لەگەڵ ئەمریکادا مامەڵە بکات. مامەڵەی ئەوەی کە؛ دەسکەوتی

ئیسلامیە سونەکانی سوریا لەزی دەکا کە مل بە مانوڤرەکانی ژێر چەتری سەربازی ئەمریکا لە سوریادا بدەن ئەگەر تورکیا هێرشی بکاتە سەر کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان.

گەڕانی سەرەکی لە ڕوخانی ئەسەد تەکشکانی "بەرەی بەرگری" کەماری ئیسلامی ئێران و نەهێشتنی پێگەی دەوڵەتی ڕوسیایە لەناوچەکەدا، کە لە پاڵ شکستی حەماس و حزب اللە دا بەتەواوەتی ستراتیژی دەوڵەتی ئێرانی لە هێڕشەکانی ناوەڕاستدا توشی داماڵان کردوە.
لەسایەی ئەم گەڕانکاریانەدا ئیسرائیل و ئەمریکا زیاتر دەتوانن پێڕەوی هاوبەشی ئابووری و ئەمنی و سەربازیەکانیان لەگەڵ سعودیە و دەوڵەتانی عەرەبی و کەنداو نەخشە هێڕبکێن.
هەر بەیەک ڕوخانی ئەسەد تەنیا دیکتاتۆرێکی لەکەڵی خەڵکی سوریا کردوە و چیتر خەڵکی سوریا بارمتەی ستراتیژی کەماری ئیسلامی ئێران لە هێڕشەکانی ناوەڕاست دژی ئیسرائیل نین، بەڵام خەڵکی سوریا و ناوچەکە لەدەست شەڕی ئەم بەرەو هەڵزە دەندانەی تری ئیسلامیەکان و ئێران و تورکیا و ئەمریکا و ئیسرائیل ڕزگاریان نەبوە، کە دووەم دەیەی سوریا و ناوچەکەیان کردەتە دۆزەخێک کە نیوملیۆن ئینسانی تێدا کوژراوە و بریندار بوە و زیاتر لە ١٤ ملیۆنی خەڵکەکەی ئاوارە کردوە. ڕوخانی ئەسەد نەمانی تاوانبارێکی جەنگەکەیە لە مەیدانی شەڕکی بەربەریدا، کە هەموو تاوانبارەکانی تری لە دەسەڵاتدان. چۆن لە درێژەی ئەم شەڕە ناوچەیەدا دامەزراندنی دورگەیەکی ئارام و ژیانێکی گونجاو بە خەڵکی سوریا لە سەر دەستی هەمان ئەم هەزانە چاوەڕوان دەکرێ؟
هەر چۆن شەڕی غەزە نیشانی دا کە چیتر مەسەلەی فەلەستین لە چوارچێوەی پێشووی چارەسەر و شەڕکانی پێشودا نەماوەتەوە و بەشێکە لە شەڕکی ناوچەیی فراوانتر، بەهەمان شێوە ڕوخانی دیکتاتۆریەتی ئەسەدیش کۆتایی دیکتاتۆریەت و شەڕ و کێشەکانی خەڵکی سوریا نیە. ئایندەی سوریا ئێستا لەسایەی شەڕ و ململانێیەکی سەربازی و سیاسی و ئابووری ناوچەیی و جیهانی فراوانتردا گیری خواردوە.
هەماهەنگیەتی کۆتایی سەدەی بیستی ڕوخانی دیکتاتۆری و گۆشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سەروەری سنوری دەوڵەتەکانی هێڕشەکانی ناوەڕاست و جەنگی تیرۆر، ئێستا جێگای خۆی داوە بە حساباتی ئابووری و بازاڕی سەرمایە و کەمپانیا و نەوت و دابەشکردنەوەی دەسەڵات و ناوچە و سەرچاوەکانی وزە و حساباتی جیۆپلەتیکی دەوڵەت و هەڵزە بورژوازیە هەنگاوەنگەکان، کە لە یەگەی شەڕی سیاسی و سەربازی نەوانیانەوە یەکلایی دەکەنەوە. خەڵکی سوریا و هێزاقا قوربانیەکی

تری ئەم ئاژاوەی ململانێیەن.
خەڵکی عیراق و کوردستان زیاتر لە ٢٠ ساڵە باجی ژیان لەم ئاژاوەی جەهەنەمە بورژوازیەدا دەدەن، کە ئەمریکا و ئێران و هەزە ئیسلامی و ناسیونالیستەکان بۆیان تەنیون. بەدیلەکانی بورژوازی لە سوریادا جگە لە سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامی و کۆتنە ژێر دەستی تورکیا و مانەوە لە بازنەی شەڕی دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەمریکادا نابە هیچی تر نیە، هەربۆیە خەڵکی ڕۆژئاڤا و سوریا جگە لە هەزی خۆیان بە بەرگری لە ژیان و چارەنوسیان هیچ ڕێگەیەکی تریان نیە، وەک نمونەی شکست پەدانی داعش لە کۆبانی . خۆباتی خەڵکی سوریا و ڕۆژئاوا پەویستی بە ڕزگاربونە لەم ئاژاوەیەی ململانێی بەدیلی هەزە ئیسلامی و دەوڵەتە سەرمایەدارەکان و سوود وەرگرتن لەم فرسەتە کە دیکتاتۆریەتی ئەسەد نەماوە بە جێگیرکردنی بەدیلێکی شۆشگێڕانەی جەماوەری .

ئاسۆ کمال
١٩دیسەمبەری ٢٠٢٤

ئۆجەلان لە بەردەم بانگەشەی ئاشتیخوازی ئەردۆگاندا.. عوسمانی حاجی مارف

سەرکی پەرلەمانی تورکیا نومان کورتولموش، لە پارتی ئاکەپەی دەسەڵاتدار، پشتگیری لە پێشنیازەکەی دەوڵەت باخچەلی کرد، کەسەرکی پارتی مەهەپەیە، بە چارەسەرکردنی گرژیە لەمڕۆینەکانی حکومەتی تورکیا لەگەڵ پەکەکەدا.
پشتر باخچەلی پێشنیاری کردبوو کە عەبدوڵا ئۆجەلان سەرکی زیندانیکراوی پەکەکە، لەبەرامبەر ڕاگەیاندنی کۆتایهێنان بە یاخیبونی پەکەکە، لە سزای هەتاهەتایی ئازاد بکرێت. هەروەها بەهەمانشێوە ڕێگەی پێبدرێت لە پەرلەمانی تورکیا قسە بکات، کورتولموش لە بەیاننامەکەیدا جەختی لەو پێشنیارە کردەوە.
واپێدچێت پێشنیارەکەی باخچەلی بە ئەوە بێت کە هەوڵی

بەدەستهێنانی پشتیوانی کوردەکان بدات لە گۆڕینی دەستوور بۆ هەڵبژاردنەوەی ئەردوگان، بۆئەوەی لەلایەک لەئایندەدا ئەردەگان وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردرێتەوە، لەلایەکی ترەوە ئەنقەرە دیپلۆماتبارەی ناوخۆیی خۆی لەبەرامبەر کاردانەوەی ئۆگری شۆی ئیسرائیل و ئێران و بارگرژی زیاتری دۆخی ناوچەکە بەهێزتر بکات. هەروەها لەترسی ئەوەی کە ئیسرائیل لەکۆتایدا کاریگەری زیاتر لەسەر پەکەکە دانانێت، بۆیە هەوڵئەدات بۆ بانگەوازی ئاشتیخوازی ئۆم پرسە بخاتە بەردەم مامەڵەیەکی سیاسیەوە.
لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە بەتایبەتی لە سوریا تووشی هەڵچوونێکی بەرچاو بووە، ئەو هەڵچوونەی کە لە ئاکامی هێرشکانی هێئەی تەحریری شامەوە، کە نزیکی تورکیان، هەروەها روخانی ئەسەدو هەڵاتنی، دۆخێکی تازەی بۆ لایەنە کوردیکانیش هێناوەتە پێشەوە، ڕەنگە کاریگەری لەسەر خولقاندنی دۆخێکی تر لە ئاڵەزی دابنێت. ئۆم گۆڕانە دەتوانێت ببێتەهۆی ئەوەی زلهێزە جیاوجیاکانی ناوچەیی و جیهانی پەیوەندیکانیان لەگەڵ لایەنە کوردیکاندا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیکانیان بۆئاراستەیەکی جیاوازدا بەرن، کە چارەنوسێکی نادیارتر چاوەڕوانیان دەکات، هەر لەم چوارچێوەیدا دەبینین کورتولموش و باخچەلی و ئەردوگان دەربارەی پێشنیاری ئازادکردنی ئوجەلان بەدەگیان لەکردووەو ماموکیان ڕاگرتووە.
تورکیا بۆئامانجی دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانەیە کە لە ڕۆژئاوای فوراتە و تائێستاش لە ژێر دەسەڵاتی هەسەدەدان، لەوانە مەنبەج، تەل ڕیفعەت و چەندانی تر، بەشێک لەنەخشەی ئەردەگان، بەدوای کۆتایی دەسەڵاتی ئەسەد و دەوریەکی ڕاگوزەر و نادیار لە دۆخی سوریادا، بەدەستهێنانی فرسەتێکە بۆ تێکدانی ئیدارەی دەسەڵاتی هەزە کوردیکان، کە پێی دەوترێت باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا. گەر ئەمەی بۆ چووە سەر، ئەوکات پێشنیارەکەی باخچەلی بۆ ئازادکردنی ئوجەلان دادەخات، لەهەمانکاتدا لە پرسەی لاوازبونی پێگەو نفوزی کەماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا، پەکەکە زیاتر دۆخاتە ناو کەمینی سوپاکەیەوە.
تورکیا، ڕووکی سەرکی بینی لە جموجۆڵکانی هیئەی تەحریری شام لە حەلەب و ناوچەکانیدا تا کۆتایی دەسەڵاتی ئەسەد، گەر ڕێ و نەخشەی تورکیا نەبوایە هیئەی تەحریر شام نیدەتوانی سەربخە ئەو جموجۆڵانە بەو فراوانیە بکات، یا بەردەوام درێژە بە هێرشکان و دەستبەسەراگرتنی شارکانی تر بدات و بچێتە ناو شاری دیمەشقەوە.
بەگشتی ئەتوانین بڵێین بەکردەوە تورکیا لەم دەورانەدا سەرکەوتوو بووە لە فریودانی هەموو لایەنکان، لە هاوپەیمان و نیارکانی بە گەیشتن بە سێ ئامانجی سەرەکی:

ئامانجی یەکەم: بریتیە لە نەهێشتنی میلیشیا ئێرانیەکان لە سوریا، ئەمەش داستووخە پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکان و دەوری ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هەیە، کە دوای حزبوللاو حەماس و هەسەدە و بە ئاگرێکی زەرەوە دوای یەکلاییبوونەوەی دەخی سوریا، هێزەکانی حەشدی شەعبیش لە عێراق بکاتە ئامانج، کە لەهەمانکاتدا لەم پرسیەدا دەنگە لە هەنگاوی داهاتودا حوسیەکانی یەمەنیش بگرێتەوە.
ئامانجی دووەم: بەدوای روخانی ئەسەد، تا ئاوکاتەی دەخی سوریا ئارام دەبێتەوە و حکومەتێک لە سوریا دادەمەزرێت کە بەئاراستەی بەرگری لە بەرژەوەندی و پەیوەندی لاگەڵ تورکیا بێت، هێزەکانی لە خاکی سوریا ناکۆشتەوە، بە ئاسانکاری ئەم پرسیە دەنگە تورکیا هەیئەی تەحریر شام لاگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەدا تەکەڵە بکات لەژێر چەترێکی نوێدا بەناوەکی وەک سوپای نیشتمانی ئازادی سوریا، تورکیای پێ بپارێزێت و پێگەی خۆی لەسوریا فراوانتر بچەسپێنێت.
هەر لەم رێگەیشەوە ئیدارەی لایەنە کوردیەکان شکست پێبهێنێت.!
لەهەمانکاتدا لە پرسەی هاندانی گرانەوەی پەنابەرانی سووریە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا بە ماوەحاڵی خەیان، ئاوەی دەبینرێت گرانەوەی ئاوارەکان دەستی پێکردووە.
ئامانجی سێیەم: کە گرنگترینە بە تورکیە، سنووردارکردنی هێزەکانی (هەسەدە)یە لە ڕۆژئاوای فورات وەک هەنگاوێکی پێشوەختە بە هەرشکردنە سەر ڕۆژهەڵاتی فورات لە داهاتوودا. ئەم قۆناغە بە ئەردگان بە چارەنوسساز هەژمار دەکرێت. هەر لەم دەخەدا کە جموجۆڵکانی هەیئەی تەحریر سایەی کردووە، دەسەڵاتی ئەسەد کۆتایی هاتوە، بەم شێوەیە تورکیە بەبیانوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وەاتەکەی، تەواوبوونی پڕۆژەکەی بە داگیرکردنی باکووری سوریا و نەهێشتنی پرسی کورد بە لاوازکردنی ئیدارەی لایەنە کوردیەکان و دەرکەشانی دەوری پەکەکە لەو ناوچانە، مسۆگەر دەکات.
جگە لەوەش ئەردگان دایگیاندوە دەنگە تورکیا هەرشەکی نوێ لە باکووری سوریا دەستپێبکات بە دامەزراندنی ناوچەی پارێزراو بەدرێژایی سنووردکانی، بەتایبەتی بەدوای ئاگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا. لەهەمانکاتدا ئاماژەکانی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا- تورکیا لە پشتیوانیە درێژخایەنەکانی ئەمریکا بە هەسەدە سەرچاوە دەگرێت، لەکاتێکدا هەردووکیان پەکەکەیان خستۆتە ناو لیستی تیرۆرەوە.
